سەرۆك وەزیران و دامەزرێنەری کەمپانیای لوك ئۆیل تاوتوێی پلانەکانی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی خۆرئاوای قورنە دەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە سەرۆکی لیژنەی فیدراسیۆنی روسیا بۆ پیشەسازی و بازرگانان و دامەزرێنەری کەمپانیای لوك ئۆیل ڤاگیت ئۆلیکبیرۆڤ کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە سەرۆکی لیژنەی فیدراسیۆنی روسیا بۆ پیشەسازی و بازرگانان و دامەزرێنەری کەمپانیای لوك ئۆیل ڤاگیت ئۆلیکبیرۆڤ و شاندی یاوەری کرد.

ئاماژەی بۆشکرد: لە کۆبوونەوەکەدا دەسیەی ئەو کەمپانیا روسییانەی لە عێراقدا کاردەکەن، لەژێر ڕۆشنایی سەردانەکەی سەرۆك وەزیران بۆ مەسکۆ لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، تاوتوێ کرا.

هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە لە کۆبوونەوەکەدا گفتووگۆکرا لەبارەی پلانەکانی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژئاوای قورنە کە کەمپانیای لوك ئۆیل کاری تێیدا دەکات، هەروەها ڕێگاکانی تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگری لە کارەکانی دەکەن، لێگەڕێ بەشداریکردنی کەمپانیای لوك ئۆیل لە پڕۆژەکانی وزەی تەواوەتی لە عێراق و خولی نوێی مەڕێتدان